# ئایا دیموکراسی دەتوانێ تیرۆر بوەستێنێ

نووسینی: ف. جۆرج جۆوسی سێیەم
و: مەڕوان کاکل

بەرپرسانی بەڕێوەبەرایەتی حکومەتی ئەمەریکی جەخت لەسەر ئەوە دەکەنەوە کە هاندان بەرەو دیموکراسی لە وڵاتانی جیهانی ئیسلامی دەبێتە مایەی پاراستنی ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکان، بەڵام ئەم گریمانەیە ڕاست نییە، چونکە هیچ بەڵگەیەك بەدەستەوە نییە کە دیموکراسی ببێتە هۆی کەمکردنەوەی کاری تیرۆریستی. لە ڕاستیدا بۆی هەیە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی دیموکرات حکومەتی ئیسلامی وەهای لێ بە ئاکام بێت کە لەگەڵ حکومەتەکەی واشنتۆن هاوکار نەبن.

بەرپرسانی ئەمەریکی ماوەیەکە سەرقاڵی ئەو بیرۆکەیەن کە جۆرج بۆش بە "ململانێی نەوەکان" بۆ بەدیهێنانی دیموکراسی لە جیهانی عەرەبدا ناوی بردووە. کارگێڕی حکومەتی بۆش و پشتیوانانی، لە مشتومڕی ئەوە دان کە پاڵنانی عەرەب بەرەو دیموکراسی نەك هەر تەنها بەهاکانی ئەمەریکا بڵاودەکاتەوە، بەڵکو پاراستنی ئاسایشی وڵاتەکەش پەرە پێدەدات... ئەگەر دیموکراسی لە وڵاتانی عەرەبی نەشونما بکات، بیرۆکەی باوەڕە کۆنەکان نامێنن، و ناوچەکە لەوە دەوەستێ کە چیتر تیرۆری دژە ئەمەریکا بەرهەم بێنێ. بۆیە پەرەپێدانی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست نەك هەر لەگەڵ ئامانجەکانی ئاسایشی وڵاتە یەکگرتووەکان هاوکۆکە، بەڵکو بەدەستهێنانیشی کارێکی زۆر پێویستە.

بەڵام ئەمەیان پرسیارێکی بنەڕەتی دەوروژێنێ: ئایا ڕاستە کە بەدیموکراتیبوونی زیاتر، دەوڵەت والێ دەکات کە کەمتر تیرۆریستان و گروپی تیرۆریستی بەرهەم بێنێ؟ بەواتایەکی تر، ئایا بیانووی پاراستنی ئاسایش بۆ پەرەپێدانی دیموکراسی لە جیهانی عەرەبدا لەسەر گومان و پێشبینی بنیاتنراوە؟

بەداخەوە وەڵامەکە بە نەخێر دەبێت. هەرچەندە ئەوەی دەربارەی تیرۆریستانەوە زانراوە؟! ڕاستییەکی نکۆڵی لێنەکراوە کە تەواو نییە. ئەو زانیارییانەی کە لە بەردەستدان ئەوە نیشان نادەن کە پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان دیموکراسی و نەبوونی یا کەمبوونەوەی تیرۆردا هەبێ. چونکە وا مەزەندە دەکرێ کە تیرۆر لە هۆکاری دیاریکراوترەوە چەکەرە بکات وەك لەوەی دەگوترێ کە جۆری سیستەمی حکومڕانی بێ، نەك وەك ئێستا باوە کە دیموکراتیزەکردن بتوانێ ئەو هەڵمەتە هەنووکەییەی دژی ئەمەریکا پیادەدەکرێ بە کۆتا بێنێ. قاعیدە و گروپەکانی دیکەی هاوشێوەی ئەو لە جیهانی ئیسلامیدا لە دژی دیموکراسی ناجەنگن، بەڵکو ئامانجیان لە پەرەپێدانی جەنگدا بریتییە لە سەپاندنی بۆچوونەکانی وڵاتێکی ئیسلامی. جگە لەمەش هیچ بەڵگەیەك بە دەستەوە نییە کە دیموکراسی لە وڵاتانی عەرەبدا "دەریا وشك بکات"، و یارمەتی و پاڵپشتی ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان لە جیهانی عەرەبی دوور بخاتەوە و ببێتە مایەی کەمکردنەوەی هێزی تیرۆریستان تیایاندا.

تەنانەت ئەگەر دیموکراسیش لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بەدەست هات، چ جۆرە حکومەتێك دێتە کایەوە؟ ئایا ئەوان هاوکاری لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان دەکەن لەسەر ئامانجە سیاسییە گرنگەکانی وەك بەرەوپێشبردنی پرۆسەی ئاشتی عەرەبی ـ ئیسرائیلی؟ یا پارێزگاریکردن لە ئاشتی لە کەنداوی فارس و دابینکردنی بەردەوامی نەوت، ئەمە جگە لە پێشگرتن و سنووردارکردنی تیرۆریستان؟ کەس ناتوانێ پێشبینی ئەو ئاراستەیە بکات کە دیموکراسیەتی نوێ دەیگرێتە بەر. بەڵام دیموکراسییەتێکی دیراسەکراو لەسەر ڕای گشتی و هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی وڵاتانی عەرەب، بە دڵنیاییەوە، هاتنی ئەو یموکراسییەتە بۆی هەیە حکومەتی ئیسلامی نوێ بهێنێتە کایەوە کە کەمتر هاوکار و هاوکۆکبن لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا وەك ئەو دەسەڵاتدارانەی کە ئێستا هەن.

دەبێ وەڵامی ئەم پرسیارانە هەڵوەستەیەك بە واشنتۆن بدات. دەستپێشخەرییەکەی بەڕێوەبەرایەتی ئەمەریکی دەبێ پارێزگاری لێ بکرێ وەك هەوڵێك بۆ بڵاوکردنەوەی بەها دیموکراتییەکانی ئەمەریکا بە هەر نرخێك بێت، وەك سەرکێشییەکی درێژخایەن تەنانەت ئەگەر ئیسلامییەکانیش دەسەڵاتیان وەرگرت، واقیعییەتی حوکمڕانی بەرگێکی مۆدێرنیان دەکاتە بەر. جەخت کردن لەسەر دیموکراسی هەڵبژاردن بە هەرحاڵ، خزمەتی بەرژەوەندییە هەنووکەییەکانی ئەمەریکا ناکات تەنانەت لە جەنگی دژە تیرۆر یا لە سیاسەتە گرنگەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.

ئێستا کاتی ئەوەیە کە وڵاتە یەکگرتووەکان بەو پێداگرتنەی خۆی دابچێتەوە لە پەرەپێدانی دیموکراسی لە جیهانی عەرەبدا. لە بری ئەوەی هاندەر بێت بۆ هەڵبژاردنی خێرا، دەبێ وڵاتە یەکگرتووەکان تیشکۆی تواناکانی بخاتە سەر هاندان و بەرەوپێشبردنی ڕێکخراوە عیلمانی و نەتەوەیی و سیاسییە لیبرالییەکان، کە بتوانن پێشبڕکێ لە گەڵ پارتە ئیسلامییەکان بکەن و شوێن پێیەکی هاوتای ئەوان لەمەیدانەکەدا بۆخۆیان بکەنەوە.. تەنها بە پەیڕەوکردنی ئەم ڕێگایە واشنتۆن دەتوانێ دڵنیابێ

کە ئەنجامدانی هەڵبژاردن، ئاکامەکانی بە ئاراستەی هێڵی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا بەرێوە دەڕۆن.

مەبەستی سەرۆك بۆش روون و ئاشکرابوو کە بۆچی وابیر دەکاتەوە لە پەرەپێدانی دیموکراسی لە جیهانی عەرەبدا و بۆچی دیموکراسی لە چەقی بەرژەوەندییەکانی وڵاتەکەی ئەودا خۆی دەبینێتەوە کاتێك کە گوتی: "ستراتیژییەتی ئێمە لە پاریزگاریکردنی ئاشتی بۆ ماوەیەکی درێژخایەن بۆ ئەوەیە یارمەتیدەر بێ لە گۆڕانکاری دۆخەکان کە دەبنە هۆی سەرهەڵدانی توندڕۆیی و تیرۆر، بە تایبەتی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا. چەندین بەشی ئەم هەرێمە بۆ ماوەی چەند وەچەیەکە لە نێو ستەم و بێ ئومێدی و توندڕەویدا خول دەخۆنەوە. کاتێ کە دکتاتۆرییەت دەست بەسەر ژیانی سیاسی وڵات دادەگرێت، بەرهەڵستکاران ناتوانن گەشە بکەن و، رێڕەوی بەرەنگاربوونەوەش بەرەو ئاقاری توندوتیژی پەلدەهاوێژێ، بۆیە دکتاتۆرەکان بۆ دووخستنەوەی بایەخ و رای گشتی لە نوشوستییە کۆمەڵایەتی و ئابوورییەکانیان دەستی چەوریان بە خەڵکی دیکە دەسڕنەوە و لۆمەی رەگەز و وڵاتی دیکە دەکەن، بەمەشیان تۆوی رق و کینە دەڕوێنن کە دەرەنجامەکەی توندوتیژی لێیەوە لەدایك دەبێ. ئەم دۆخەی ستەمکاری و تووڕەییە ناتوانرێ پشتگوێ بخرێ یا ئارامی لەسەر بگیرێ، و لەنێو سندوقێکدا بپارێزێ یا بەرتیلی لێوەربگیرێ".

باوەڕی بۆش لە پەیوەندی نێوان تیرۆر و نەبوونی دیموکراسی دیاریکراو نییە بە حکومەتەکەی خۆی. لە ساڵی ٢٠٠٤ سیناتۆر (جۆن کیری) لە هەڵمەتەکانی پرۆپاگەندەی سەرۆکایەتی، جەختی لەسەر پێویستی چاکسازییەکی گەورەتری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست وەك بەشێکی گشتگر لەشەڕی دژە تیرۆر کردەوە. (مارتن ئیندیك) سیاسەتوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست لە بەرێوەبەرایەتی حکومەتی کلینتۆن دەنووسێ: کلینتۆن هەڵە دەکات بە تیشك خستنە سەر ئاشتی عەرەبی ـ ئیسرائیلی لە هەمانکاتدا لە نرخی دیموکراسییەتی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست کەم بکاتەوە. لەوە بەدواوە دەبێ واشنتۆن هەوڵەکانی لە چاکسازی سیاسی چڕبکاتەوە. لە پەرتوکێکی نوێی هاوبەشدا (مۆرتۆن هالپێرین)، بەرێوەبەری پلاندانانی سیاسی لەوەزارەتی هەرێمی حکومەتی کلینتۆن، ریشەی سەرهەڵدانی ئەلقاعیدە بۆ هەژاری و نەبوونی پەروەردە لە سعوودیای عەرەبی و میسر و پاکستان دەگێرێتەوە و، ئەم کەموکورییانەش بەهۆی سروشتی ستەمکاری ئەو وڵاتانەوە هاتۆتە ئاراوە و تەنها لە رێگەی دیموکراتیزەکرنەوەش دەتوانرێ جەنگ بەروویان بەرپابکرێ. هەروەها (تۆماس فرێدمان)، نووسەر لە رۆژنامەی نیویۆرك تایمز، لەم رووەوە هەوڵێکی زۆری داوە و لە هەرکەسێکی دیکە زیاتر ماندوو بووە بۆ فرۆشتنی ئەم لۆجیکە بە رای گشتی.

سەرەڕای هاوکۆکی و رەزامەندییەکی فراون لەسەر بوونی ئەم پەیوەندی و بەیکەبەستنەوەیە، بڵاوکراوەی ئەکادیمی نێوان تیرۆر و بەڵگە سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانی دیکەی وەك دیموکراسی، بە شێوەیەکی سەرسەڕهێنەر لاوازە. گەلێك تویژینەوەی چاك و گشتی لەمەڕ تیرۆریست و رێکخراوە تیرۆریستییەکان هەن، بەڵام کەم لەوانە هەوڵی دەستنیشانکردنی ئەوە دەدەن کە دیموکراسی زیاتر، کەمتر دەبێتە مایەی سەرهەڵدانی تیرۆر. بەشێکی

کێشەکە بریتییە لە چۆنایەتی زانیارییە دەستەبەربووەکان. ڕۆژنامەگەری ڕۆژئاوایی زیاتر مەیلیان بەلای دەرخستنی پێشکەشکردنی ڕاپۆرت لەسەر ڕووداوە تیرۆریستییە دەرەکییەکان دا دەشکێتەوە وەك لەو ڕووداوانەی کە بەهۆی تیرۆریستی نێوخۆییەوە پیادەدەکرێن. جگە لەوەش زۆربەی ئامارەکان شوێنی ڕووداوی تیرۆریستی دیاریدەکەن، بەڵام ناونیشانی ئەنجامدەرانی باس ناکەن، لەوەش کەمتر ناگوترێت ئایا لە وڵاتێکی نا دیموکراسیەوە هاتوون یا نا!

بەخشینی وەها زانیاریەکی ناتەواو، دەبێ تەنها چاوەڕوانی دەرەنجامی سەرەتایی لە بڵاوکراوە ئەکادیمییەکان بکەین، هەرچەندە ئەمانە لە بایەخی ئەو پردە نزیککەرەوەیەی نێوان تیرۆر و ستەمکاری کەمدەکەنەوە کە بەشێکی سەرەکی لە لۆجیکی بەڕێوەبەرایەتی حکومەتەکەی بۆش پێکدەهێنێ. لە لێکۆڵینەوەیەکی بەرفراواندا لە ساڵانی هەشتکانی سەدەی ڕابردوو لە سەر ڕووداوە تیرۆریستییەکاندا، هەردوو زانا و شارەزای سیاسی، (ولیەم ئیوبانك و لیونارد وینبێرگ) ڕایان گەیاند کە زۆربەی ڕووداوە تیرۆریستییەکان لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا ڕوودەدەن و بەگشتی هەردوو لایەنەکە، قوربانیان و ئەنجامدەران هاوڵاتی دیموکراسین. لە شیکردنەوەی ڕووداوەکاندا لە نێوان ساڵانی ١٩٧٥ تا ١٩٩٧، زانکۆی کوان لی لە ویلایەتی پەنسلڤانیا بینی هەرچەندە هێرشە تیرۆریستییەکان کەمترن کاتێك کە بەشداری سیاسی دیموکراسی لە ئاستێکی بەرز دایە، جۆری ئەو سنوور و لێپێچینەوانەی کە دیموکراسی لیبرالی بە شێوەیەکی گشتی دەیسەپێنێتە سەر دەسەڵاتی جێبەجێکاری، لەوەدەچێ هانی کردە تیرۆریستییەکان بدات. (ڕۆبێرت پێیپ) لە پەرتووکە نوێیەکەیدا (*مردن لە پێناو سەرکەوتن: لۆجیکی ستراتیژی خۆکشتنی تیرۆر*) بۆی دەردەکەوێ کە ئامانجەکانی خۆکوژەران زیاتر دیموکراسییەکانن، بەڵام هاندەری ئەم جۆرە گروپانە بۆ جەنگان لە دژی داگیرکاری سەربازی و لە پێناو دیاریکردنی مافی چارەنووسە. تیرۆرستان ئەوەندە بە خواستی دیموکراسییەوە پەست نابن، بەڵکو زیاتر بەوە نیگەرانن کە وەك باڵا دەستییەکی بێگانەی لێیەوە دەڕوانن.

ئەو چاپکراوانەی کە لە وڵاتەیەکگرتووەکانەوە دەرچووە جەخت لەسەر بانگەشەی پەیوەندی نزیکی نێوان تیرۆر و حکومەتی ستەمکاری ناکاتەوە. لە نێوان ساڵانی ٢٠٠٠ تا ٢٠٠٣، بە پێی ڕاپۆرتی ساڵانەی وەزرەتی دەوڵەتی وڵاتە یەکگرتووەکان (*شێوازەکانی تیرۆری جیهانی*)، ٢٦٩ گەورە ڕووداوی تیرۆریستی لەجیهاندا لەو وڵاتانە ڕوویانداوە کە بە هەرێمی ئازاد لە لایەن خانەی ئازادییەوە پۆلینکراون، و ١١٩ی ئەو ڕووداوانە لە وڵاتە نیمچە ئازادەکانەوە ڕوویانداوە و، ١٣٨ یشیان لە وڵاتە نائازادەکانەوە ڕوویانداوە. (ئەم ئامارە هەردوو هێرشە تیرۆریستییەکانی فەلەستینییەکان بۆ سەر ئیسرائیل، کە ژمارەی هێرشەکان لە وڵاتە دیموکراسیەکان زۆر زیاتر دەکات و، هێرشی ١١ ی سێپتێمبەری تیا بەدەرە کە کرایە سەر وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکا لە لایەن وڵاتانی ترەوە)، ئەمە ئەوە ناگەیەنێ کە بواری گەشەکردنی تیرۆریستان لە وڵاتە ئازادەکان زیاترە. تاڕادەیەك ئەم

ئامار و ژمارانە ئەوە نیشان دەدەن كە پەیوەندی نییە لە نێوان بوونی تیرۆر لە وڵاتێك و پلەی ئازادی تیایدا كە هاوڵاتیانی دەیگوزەرێنن. بە دڵنیایەوە ئەوەش دیاری ناكات كە وڵاتانی دیموكراسی بە رادەیەكی كەمتر تیرۆر دەهێننە كایەوە بە بەراورد لەگەڵ چەشنەكانی دیكەی حكومەت.

بە دڵنیاییەوە، تیرۆر بە شێوەیەكی هەرەمەكی بڵاونەبۆتەوە. بە گوێرەی زانیارییە فەرمییەكانی حكومەتی وڵاتە یەكگرتووەكان، زۆربەی هەرە زۆری رووداوە تیرۆریستییەكان تەنها لە چەند وڵاتێكی كەمدا روودەدەن. لە راستیدا نیوەی هەموو رووداوە تیرۆریستیەكان لە ساڵی ٢٠٠٣ دا لە دوو وڵاتی نائازاد روویانداوە، ئەوانیش عێراق و ئەفغانستان. وا پێدەچێ كە دیموكراتیزەكردن كەمێك كاری خۆی كردبێ لەسەر تیرۆریستان لەو شوێنانەدا و، لەوەشە تیرۆریستانی هاندابێ بۆ ئەنجامدانی كارەكانیان.

بەڵام بۆ ئەو وڵاتانەی كە ئازادی تیایاندا باڵادەستە، هیندستان ٧٥٪ ی ئەم رووداوە تیرۆریستییانەی بەركەوتووە، دادوەرانەیە ئەگەر وادابنێین هەندێ گروپی دامەزراو لە پاكستان ژمارەیەكی ئەو هێرشانەیان ئەنجامداوە بە تایبەتی لە كشمیر، بەڵام بەراشكاوی هەموو ئەو رووداوە تیرۆریستییانە هی دەرەوە نەبوون، بەڵكو ژمارەیەكی بەرچاوی ئەو كردەوانەی هیندستان دوور لە هەرێمی كشمیر روویانداوە، بۆی هەیە رەنگدانەوەی نارەزایی دیكە خەڵك بووبن لە دژی حكومەتی ناوەندی. لەگەڵ ئەو دیموكراسییە چالاك و پتەوەی كە هیندستان هەیەتی، هەردوو سەرۆك وەزیران و سەرۆك وەزیرانی پێشوو (ئەندیرا گاندی و كوڕەكەی، راجیڤ گاندی) یەك لەدوای یەك تیرۆر كران. ئەگەر دیموكراسی هەلی تیرۆر كەمبكاتەوە، دەبوو ژمارەی رووداوەكان لە هیندستان ئەوەندە لە ئاستێكی بەرزدا نەبووایە.

بەراوردكردنی هیندستان ـ وڵاتێكی دیموكراسی خاوەن زۆرترین ژمارەی دانیشتوانی جیهان بە چین، وڵاتێكی ستەمكاری خاوەن زۆرترین ژمارەی دانیشتوان، ئەوەمان بۆ روون دەكاتەوە كە سەختە بتوانرێ دیموكراسی بە چارەسەری كێشەكانی تیرۆر دابنرێت. راپۆرتی (*شێوازەكانی تیرۆری جیهانی* ٢٠٠٠ ـ ٢٠٠٣)، ٢٠٣ رووداوی تیرۆریستی لە هیندستان دیاریدەكا بەڵام لە چین هیچ رووداوێك راناگەیەنێ. لیستی رووداوە تیرۆریستییەكان لە نێوان ١٩٧٦ تا ٢٠٠٤ كە دەزگای یادەوەری نەتەوەیی بۆ نەهێشتنی تیرۆر كۆی كردووەتەوە، زیاتر لە ٤٠٠ رووداو لە هیندیستان و تەنها ٨ رووداو لە چین لەخۆدەگرێ. ئەگەر پەیوەندی نێوان حوكمی ستەمكاری و تیرۆر ئەوەندە بەهێز بێ كە بەرێوەبەرایەتییەكەی بۆش ئاماژەی پێدەكا، ئەوا دژیەكبوونی نێوان ژمارەی رووداوی تیرۆریستی لە چین و لە هیندستان شێوەیەكی دیكەی بەخۆوە دەبینی.

زۆربەی بەڵگە چیرۆك ئامێزەكان دیسان بەرەو پرسی پێویستی بوونی پەیوەندی لە نێوان جۆری رژێم و تیرۆر راپێچمان دەكەن. لە حەفتاو هەشتاكانی سەدەی رابردوو ژمارەیەك رێكخراوی تیرۆریستی درندە لە وڵاتە دیموكراسییەكانەوە سەریان هەڵدا: وەك لیوای سوور لە ئیتالیا، سوپای كاتیی كۆماری ئێرلەندی لە ئێرلەندا و بەریتانیا، سوپای سوور لە

یابان، و گروپی (بادەر ـ مینهۆف) لە ئەڵمانیای ڕۆژهەڵات، هەروەها گەڕانەوە بۆ دیموكراسی نەبووە هۆی دوورخستنەوەی تیرۆری جوداخوازەكانی هەرێمی باسك و، دیموكراسییەتی توركی بۆ ماوەی چەند دەیەیەك توندوتیژی سیاسی پەرەپێدا كە تا كۆتایی حەفتاكانی خایاند. دیموكراسییەتی پتەو و سەرنجڕاكێشی ئیسرائیلیش تیرۆریستانی نێوخۆیی لێكەوتەوە، كە بووە مایەی تیرۆركردنی ئیسحاق ڕابینی سەرۆك وەزیران. وا پێدەچێ كە بەلای كەمی سێ لە خۆكوژەكانی هێرشەكەی پارساڵی تەمووزی لەندەن لە بەریتانیای دیموكراسی لەدایك بوون و گەورەبوون. ڕۆژ نییە لە عیراقدا ڕووداوی ئازاربەخشی پرۆسەی بەدیموكراتیكردن نەبینین. یادەوەرییەكەی ئۆكلاهۆماش جەخت لەوە دەكاتەوە كە تەنانەت دیموكراسییەتی ئەمەریكاش لە تیرۆری نێوخۆیی خاڵی نەبووە.

بە واتایەكی دیكە، بەڵگەیەكی بەهێزی ئەزموونی نییە بۆ بوونی پەیوەندییەكی پتەو لە نێوان دیموكراسی و یان هەر جۆرێكی دیكەی سیستەمی حوكم و تیرۆریزم بە هیچ ئاراستەیەكی ئیجابی یا سەلبی. (جێسیكا ستێرن) لە توێژینەوەی جەنگاوەرانی ئایینییە بەرزنرخاوەكەی دوای ١١ ی سێپتێمبەر، (*تیرۆر بە ناوی خودا*) لەوە دەدوێ كە : دیموكراتیزەكردن هەمیشە باشترین ڕێگە نییە بۆ جەنگان لە دژی ئیسلامیە توندڕەوەكان. چونكە وەرچەرخان بۆ دیموكراسی ماوەیەكی هەستیارە بۆ وڵاتان لە هەموو ئاراستەیەكەوە. تیرۆر لە سەرچاوەیەكەوە هەڵدەقوڵێ جیایە لەوەی كە سیستەمی حوكم هۆیەكەی بێ. هیچ بیانوویەك نییە كە بڕوا بكەین جیهانی عەربی دیموكرات كەمتر تیرۆریستان بەرهەمدەهێنێ.

هەروەها گرفتی لۆجیكی دیكەی لە سیاسەتی پاڵنانی عەرەب بۆ دیموكراسی وەك بەشێك لە جەنگی دژە تیرۆر یەخەگیری مشتومڕە پشتگیریكەرەكەی وڵاتە یەكگرتووەكان دەبێتەوە. بایەخدان بەو پێداگرییەی كە دیموكراسی تیرۆر كەمدەكاتەوە، ئەو بڕوایەی لێ هەڵدەهێنجرێ كە پارتە سیاسییەكان بتوانن بە ئاشكرایی لە پێشبڕكێی سیاسیدا بەشداری بكەن و خاوەنی دەنگی خۆیان بن و لە گۆڕەپانی ڕای گشتیدا گوێیان بۆ بگیرێت، و تیرۆریست و هاوسۆزانی تیرۆریستان نابێ چیدیكە لە وەدەستهێنانی ئامانجەكانیان بۆ توندوتیژی بگەڕێنەوە. تەنانەت ئەگەر لە خولێكی هەڵبژاردنیش نوشوستییان هێنا، ئەوا بڕوابوونیان بە سەركەوتن لە ئایندەدا، دڵكێشییان لە گەڕانەوە بۆ هۆكارە نادیموكراسییەكان دووردەخاتەوە. چونكە نەریتی دیموكراسی توندڕەویی نەرم دەكاتەوە و تووڕەیی ڕای گشتی عەرەب لە حكومەتە نێوخۆییەكاندا چڕدەكاتەوە نەك لە وڵاتە یەكگرتووەكان.

باشە لەوانەیە وابێ، بەڵام ئەمە تەنها وەك لۆجیك دەتوانرێ وادابنرێ تیرۆریستان، كە زۆر بەدەگمەن نوێنەرایەتی بەرنامەیەكی سیاسی دەكەن، بتوانن زۆرینەی خەڵك بەرەو هەڵبژاردن هانبدەن، لە ڕاستیدا ئەمانە هەموو بنەمایەكی ڕاستەقینەی یاسا و مافی كەمینەكان ڕەتدەكەنەوە كە دیموكراسی لیبرالی لەسەر بنیاتنراوە. ئەگەر ئەوان نەتوانن لە ڕێگەی دیموكراسی سیاسی بە نیازەكانیان بگەن، بۆچی پرۆسەی دیموكراسی بە باشتر دەزانن؟ ئەوە

زیاتر وەك ئەوە وایە بەرەو بەشداریکردنی پرۆسەی دیموکراسییەوە بجولێن بە خواستی بلێسەدارەوە بۆ بەدەستهێنانی ئامانجی تایبەت ـ خواست و ویستی توند و بەهێز بە جۆرێك کە حەزدەکەن کرداری توندوتیژی لە دژی هاولاتیانی بێ بەرگری ئەنجام بدەن ـ و هێرش بکەنە سەر دیموکراسی ئەگەر نەیتوانی خواستەکانیان دەستەبەر بکا. بەدەر لە دیموکراسی عیراقی تازە پێگەیشتوو، لەگەڵ هەڵبژاردنە هەرە سەرکەوتووەکانی ساڵی ٢٠٠٥، تیرۆریستە عیراقییەکان و بێگانەکانیش لە هەڵمەتەکانیان دژی سیستەمی سیاسی نوێی وڵات نەوەستاون.

ڕێکخراوە تیرۆریستییەکان ڕێکخراوی جەماوەری نین، بەڵکو بچووك و نهێنین و لەسەر بنچینە و بنەمای دیموکراسییەوە ڕێکنەخراون، لە چوارچێوەی سەرکردەی بە هێز و شوێنکەوتووی پابەند بەدەر ناکەن کە ئارەزووی پیادە کردنی توندوتیژی دەکەن بۆ بچووککردنەوەی زۆرینەی خەڵك تەنانەت ئەوانەیش کە پاڵپشتی لە ئەگێندا سیاسییەکانیان دەکەن. لەوەش ناچێ ئەگەر لە ڕادەی چاوەڕواننەکراو دەنگ بهێنن، لە ڕێڕەوی پێشووی خۆیان لابدەن.

گەورەترین دوژمنی وڵاتە یەکگرتووەکان لە جەنگی دژە تیرۆر بریتییە لە ڕێکخراوی ئەلقاعیدە. ئەگەر هەموو موسوڵمانانی جیهان بێن بە دیموکراسی ئەوا ڕێکخراوەکە لە ڕەوتی خۆی بەردەوام دەبێ و بەرنامەی خۆی ناگۆڕێ. هەڵوێستی ئوسامە بن لادن لەمەڕ دیموکراسی زۆر ڕوون بوو، ئەو حەزی پێناکا. مۆدێلی سیاسی ئوسامە بریتییە لە هەمان شێوازی زووی ئیسلامی (خەلافەت). بە دیدی ئەو سیستەمی حوکمی تالیبان لە ئەفغانستان نزیکترین هاوشێوەی ئەو مۆدیلە بوو لە چەرخی نوێدا. لە ئۆکتۆبەری ٢٠٠٣، لە وتەیەکی بۆ عیراقییەکان، بن لادن سەرزەنشتی ئەوانەی کرد لە جیهانی عەرەبیدا کە بانگەشە بۆ چارەسەری ئاشتی دیموکراتی دەکەن لەمەڕ وڵاتە هەڵگەڕاوەکان، یان لەگەڵ داگیرکاری جوولەکە و مەسیحییەکان لە بری جەنگ کردن بە ناوی خودا. ئوسامە دیموکراسی وەك داهێنراو و پراکتیزەکردنی تاریکی و بڕوابوون بە گومڕایی وەسف کرد. هاوپەیمانی بن لادن لە عیراق، ئەبو موسعەب لزەرقاوی کاردانەوەی بۆ هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ بە شێوەیەکی زۆر ڕاستەوخۆ هەبوو: "یاسادانەر لە دیموکراسیدا کە دەبێ گوێی بۆ شلبکرێ بریتییە لە مرۆڤ نەك خودا، ئەمەش کرۆکی بیدعە و هاوبەشی کردنە بۆ خودا، و کوفرە. هەروەك پێچەوانەی بنەماکانی باوەڕ و هاوتاییە، چونکە دیموکراسی، مرۆڤی نەزان و لاواز دەکاتە هاوبەشی خودا کە تەنها ئەو (خودا) بۆی هەیە یاسا دانەری ژیان بێت".

سەرکردەکانی ئەلقاعیدە لە دیموکراسی بە گومانن، چونکە پەی بەوە دەبەن کە لە ڕێگەی هەڵبژاردنی ئازادەوە ناتوانن دەسەڵات بگرنە دەست. بۆیە هیچ بیانوویەك نییە بۆئەوەی بڕوابکرێ کە جولان بەرەو دیموکراسی زیاتری وڵاتە عەرەبەکان، ئەم توندڕەوانە لە ڕێڕەوی خۆیان لابدات و هیچ هۆکارێکیش نییە بۆ ئەوەی بڕوابکەین کە ئەوانە ناتوانن چیدیکە خەڵك بە ئەندام بکەن لە وڵاتە دیموکراسییەکاندا بە تایبەتی لەو وڵاتانەی کە پەیوەندی باشیان لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکاندا هەیە و لەگەڵ ئیسرائیل هاوکۆکن و، بەشێوەیەکی گشتی

ڕەفتارەکانیان لەلایەن واشنتۆنەوە پەسەند کراوە. ئەلقاعیدە بەرهەڵستی توندی بەرنامەی ولاٚتە یەکگرتووەکان لەڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست بۆ هێنانە ئارای دیموکراسی دەکات، ئەگەر لەوە زیاتر نەبێت. ئەگەر وەك ئەوەی واشنتۆن هیوای بۆ دەخوازێ، ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاستی دیموکرات بەردەوام بێ بۆ قەبولکردنی ڕۆڵی زیاتری ولاٚتە یەکگرتووەکان لە هەرێمەکە و هاوکاریکردنی زیاتری لەگەڵ ولاٚتە یەکگرتووەکان و ئامانجەکانی، ئەوە دەبەنگییە کە وا بیربکەینەوە دیموکراسی کۆتایی بە عەرەبی دژە ئەمەریکایی دەهێنێ و پشتگیری ئیجابی و سەرچاوەی دارایی و کەناڵەکانی بە ئەندامکردن لە ئەلقاعیدە دادەبڕێ. کاتێك کە دیموکراسی لیبرالی کاربکا، باشترین شێوەی حوکمە، بەلاٚم هیچ بەڵگەیەك لە ئارادانییە کە تیرۆر کەمبکاتەوە یا قەدەغەی بکات. گومانبردنی بنەڕەتی بەڕێوەبەرایەتییەکەی بۆش لە پاڵنانی عەرەب بەرەو دیموکراسی هەڵەیەکی زۆر گەورەیە.

قەت لەوە ناچێ حکومەتە هەڵبژێردراوە دیموکراتییەکانی عەرەب هاوکار و هاوئامانج لەگەڵ ولاٚتە یەکگرتووەکان وەك ڕژێمە ستەمکارەکانی ئێستا ڕێگە بگرنە بەر. تا ڕادەی ئەوەی دەتوانرێ ڕای گشتی لەم ولاٚتانەدا بکرێ بە پێوانە بۆ دڵنیابوون لەم ڕاستییە. توێژینەوەکان ئەوە نیشان دەدەن کە عەرەب پاڵپشتێکی بەهێزی دیموکراسییە، کاتێك کە هەلی دەنگدانی لە هەڵبژاردنی ڕاستەقینەدا بۆ بڕەخسێ، زۆر لە ئەمەریکییەکان زیاتر بەرەو پیری سندووقی دەنگدان دەڕۆن، لە هەمانکاتدا گەلێك لەوانە هەڵگری بۆچوونی سلبین بەرامبەر بە سیاسەتی ولاٚتە یەکگرتووەکان لە ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاستدا. بۆیە ئەگەر ئەو حکومەتە هەڵبژێردراوانە لە پرۆسەیەکی دیموکراسی ڕاستەقینەدا بێنە بەرهەم و نوێنەرایەتی ڕاستەقینەی ڕای گشتی شەقامی عەرەبی بکەن، ئەوا سیاسەتی دژە ئەمەریکایی دەگرنە بەر. زیاتر دیموکراتیکردنی ڕۆژهەلاٚتی ناوەڕاست بۆ داهاتووی پێشبینیکراو، ئەگەری زیاتری هەیە کە حکومەتی ئیسلامی بێنێتە ئارا کە کەمتر لارییان بەرەو هاوکاری کردنی ولاٚتە یەکگرتووەکان هەبێ لە ئامانجە سیاسییەکانی، وەك مافی بنکە سەربازییەکانی لە ناوچەکە و، ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل و، جەنگ لە دژی تیرۆر.

بە شێوەیەکی گشتی عەرەب کێشەیان لەگەڵ دیموکراسیدا نییە، هەرچەندە هەندێ ئیسلامییە ئایدیۆلۆجییەکان پێچەوانەی ئەوەن. پرۆژەی (پیو ئەتتیود گلۆبال) ساڵی ٢٠٠٣ ڕاپرسییەکی جەماوەری لە هەندێ ولاٚتی عەرەبی ئەنجامدا کە ئایا دیموکراسی بیرۆکەیەکی ڕۆژئاواییە و لێرەدا ناشێ کاری پێبکرێ؟ زۆرینەی خەڵك (٨٣٪) لە کوێت، (٦٨٪) لە ئوردن، (٥٣٪) لە هەرێمەکانی فەلەستینی وتیان دیموکراسی باشە کاری پێبکرێ لەو شوێنانەی کە ئەوانی لێیە. بەلاٚم ژمارەیەکی کەم (١٦٪ لە کوێت و ٢٥٪ لە ئوردن و ٣٨٪ ی فەلەستینییەکان) بە پێچەوانەوە هەڵوێستیان نواند. ئاکامی ئەو ڕاپرسییەی کە دەزگای (زوگبی ئینتەرناسیۆنال) بەڕێوەی برد زۆربەی خەڵکی میسر و کوێت و لوبنان و سعودیای عەرەبی و ئیمارات هەڵوێستی ئیجابییان بەرامبەر بە ئازادی و دیموکراسی ولاٚتە یەکگرتووەکانەوە هەیە، لە

هەمانكاتدا دڵگرانن بە سیاسەتی ئەمەریكا لە وڵاتە عەرەبییەكاندا. لە ڕاپرسییەكی دیكەی بچووكدا كە لە حەوت وڵاتی عەرەبی تاقیكرایەوە، تاقیكاران لەو وڵاتانەدا (مافی مەدەنی/كەسی) یان بە پرسێكی سیاسی زۆر گرنگ لە قەڵەمدا تەنانەت بە بڕوای ئەوان لە پێشەوەی گرفتەكانی چاودێری تەندروستی و كێشەی فەلەستین و تەنگژەی ئابووریشەوە دێت.

ئەم بۆچوونانەی كە پشتگیری لە دیموكراسی دەكەن، لە ڕێگەی ڕەفتاری خەڵكەوە ڕاستی سەلمێنراون. ئامادەبوونی دەنگدەران لە وڵاتە عەرەبییەكاندا بۆ هەڵبژاردنی یاسایی ڕێژەكەی یەكجار بەرزە. لە گەڵ بوونی مەترسی و هەڕەشەی توندوتیژی و تیرۆر لە عیراقدا، لە هەڵبژاردنی یەكەمی ٢٠٠٥ كە لە كانوونی دووەم ئەنجامدرا، نزیكەی ٥٥٪ خەڵك بەشدارییان لە هەڵبژاردندا كرد و سەرەڕای بەشدارینەكردنی سوننەكانیش كە نزیكەی ٢٠٪ ی دانیشتوانی وڵات پێكدەهێنن. بەڵام ئەم ڕێژەیە لە هەڵبژاردنی ١٢/١٥ی هەمان ساڵدا لەگەڵ كەمتربوونەوەی مەترسی توندوتیژی گەلێ بەرزتربووەوە. لە هەڵبژاردنەكانی سەرۆكایەتی لە نیسانی ٢٠٠٤، جەزائیرییەكان بە ڕێژەی ٥٨٪ بەشدار بوون. ئامارە ڕەسمییەكانی فەلەستینیش ڕێژەی ئامادەبوونی جەماوەریان بە ٧٣٪ ، لە هەڵبژاردنەكانی كانوونی دووەمی ٢٠٠٥ خەمڵاند، ئەمە سەرەڕای بەشدارینەكردنی حەماس. بە شێوەیەكی بەردەوام ئامادەبوونی كوێتییەكان لە هەڵبژاردنەكانی پەرلەمانیدا زیاتر لە ٧٠٪ بووە. هەروەها ٧٦٪ دەنگدەرە یەمەنییەكان لە هەڵبژاردنی دەسەڵاتی یاسایی وڵاتەكەیان لە ساڵی ٢٠٠٣ دا فۆرمەكانیان خستە نێو سندووقی دەنگدان. هەرچەندە بە دڵنیاییەوە لە جیهانی عەرەبدا هێزی نادیموكراتی هەن و، هەندێك هەڵبژاردنەكان ئامادەبوونی ژمارەیەكی كەم لە خەڵك بە خۆیانەوە دەبینن. بەڵام بەشێوەیەكی گشتی شەقامی عەرەبی تامەزرۆی دەنگدان و هەڵبژاردنن، و قسەوباسی قەدەغەكردنی دیموكراسی لە كەلتووری عەرەبیدا پێویست بە لێكۆڵینەوە و مشتومڕ ناكا.

كێشەی پەرەپێدانی دیموكراسی لە جیهانی عەرەبدا ئەوە نییە كە عەرەب ڕقیان لە دیموكراسییە، بەڵكو ئەوەیە كە واشنتۆن بۆی هەیە حەز بەو حكومەتانە نەكا كە دیموكراسی عەرەبی بەرهەمی دەهێنێ، ئەویش بە لەبەرچاوگرتنی ئەوەی كە حكومەتە دیموكراتییەكانی عەرەبی زیاتر ڕەنگدانەوەی ڕای گشتی خەڵكەكانیان دەبن وەك لە ڕژێمەكانی ئێستا هەن. دیموكراسیەتی عەرەب دەبێ زیاتر دوژمنداری بەرامبەر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریكا بەرهەمبێنێ. لە شوبات ـ ئازاری ٢٠٠٣ ڕاپرسییەك لە شەش وڵاتی عەرەبی لە لایەن (زۆگبی ئینتەرناسیۆنال و دەزگاری ئەنوەر سادات بۆ ئاشتی و پەرەپێدان لە زانكۆی ماریلاند) ئەنجامدرا، زۆرینەی ئەوانەی دەنگیان دا، یان زۆر توند یان كەمێك لەوە نەرمتر لە دژی سیاسەتی ئەمەریكا هەڵوێستەكانیان نیشاندا. بەرامبەر ئەوە ٣٢٪ هەڵوێستیان زۆر هاوكۆك یان تەنها هاوكۆك بوو لەگەڵ وڵاتە یەكگرتووەكان و، تەنها ٤٪ ی سعودیای عەرەبی وەك ئەوانەی دوایی هەڵوێستیان وەرگرت.

جەنگ لە عیراقدا نزیك ببووەوە یا بەڕێوە دەڕۆیشت كاتێك كە ڕاپرسییەك ئەنجامدرا.

بەدڵنیاییەوە کاریگەری لەسەر ئاکامەکانی ڕاپرسییەکە هەبووە، بەڵام ئەو ژمارانە جیاوازییەکی ئەوتۆیان نییە لەو ڕاپرسییانەی پێش ماوەی جەنگ یا دوای جەنگ ئەنجامدراون. لە ڕاپرسی (گالوپ) لە سەرەتاکانی ٢٠٠٢ دا زۆرینەی ئەوانەی ڕایان وەرگیرا لە ئوردن (٦٢٪) و سعوودیای عەرەبی (٦٤٪) ناحەزییان بەرامبەر ئەمەریکا نیشاندا. تەنها لە لوبنان نەبێ کە بۆچوونە ئیجابی و سلبییەکان نزیکی هاوسەنگ بوون بوون. (زوگبی ئینتەرناسیۆنال) لە هەمان ماوەدا لە حەوت وڵاتی عەرەبی دەربارەی هەمان پرس ڕاپرسییەکی دیکەی بەڕێوەبرد، ئاکامەکەی بەم شێوەیە پۆلینکرا: (٤٨٪) لە کوێت و (٦١٪) لە ئوردن، و (٧٦٪) لە میسر و (٨٧٪) لە سعودیای عەرەبی و ئیمارات لە دژی ئەمەریکا هەڵوێستیان نواند. ساڵێك دوای جەنگ ئاکامی دەنگدانەکە بەم شێوەیە بوو: (٩٣٪) ئوردن و (٦٨٪) مەغریب هەمان هەڵوێستی ناڕەزمەندبوونیان بەرامبەر بە وڵاتە یەکگرتووەکان نیشاندا.

هەرچەندە ناتوانرێ لە ڕێگەی زانیارییەکانی ڕاپرسییەوە بە وردی هۆکاری دژە ئەمەریکایی بوونی جیهانی عەرەبی دەستنیشانبکرێ، بەڵام بەڵگەی ئەوەش بەدەستەوە هەن کە ڕەتکردنەوەی ئایدیای ئەمەریکی هۆکارێك نییە بۆ دروستبوونی ئەو ڕق و کینەیە یا کار لە سۆزی هاوڵاتیانی عەرەب بکات. لە ڕاپرسییێکی (زوگبی ئینتەرناسیۆنال ـ دەزگای ئەنوەر سادات) کە لە شوبات ـ ئازار ی ٢٠٠٣ دا لە شەش وڵاتی عەرەبی ئەنجامدار: ڕاوەرگیراوان وتیان کە توندی هەڵوێستەکانیان بەرامبەر ئەمریکا بەهۆی سیاسەتی ئەمریکاوەیە نەك بەهۆی نەریت و بەهاکانی ئەمەریکی. (٦٤٪) ی میسرییەکان، وڵاتە یەکگرتووەکان بە سەرچاوەی هەستەکانی خۆیان دەزانن، بەرامبەر بە ٤٣٪ خەڵکی ئەم وڵاتە کە بێزاری خۆیان لە بەرامبەر بەهاکانی ئەمەریکای نیشاندا. زیاتر لە ٥٨٪ ی هەریەك لە ئوردن و لوبنان و مەغریب و سعودیای عەرەبی جەختیان لە بەرهەڵستیکردنی سیاسەتی وڵاتە یەکگرتووەکان کردەوە.

لە ساڵی ٢٠٠٤ دا، ڕای گشتی عەرەبی بەتایبەت، گاڵتەجاڕییان بەرامبەر بە سیاسەتی واشنتۆن لە پەرەپێدانی دیموکراسی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیشاندا. لە ڕاپرسییەکدا کە لە ئایاری ٢٠٠٤ دا، (دەزگای ئەنوەر سادات ـ زوگبی ئینتەرناشناڵ) ئەنجامی دا، تەنها لە لوبنان ژمارەیەکی گەورەی خەڵکی بەشداربوو لەگەڵ ئەو دیدە هاوکۆك بوون کە پەرەپێدانی دیموکراسی هاندەرێکی گرنگ بووە لە بەرپاکردنی جەنگ لە دژی عیراقدا. ٢٥٪ ی ئوردنییەکان و کەمتر لە ١٠٪ ی خەڵکی میسر و مەغریب و سعودیای عەرەبی و ئیمارات هەمان بۆچوونیان هەبوو. زۆرینەی خەڵکی بەشداربوو لەو ڕاپرسییەدا لە زۆربەی وڵاتەکان بەوە جەنگی عیراقیان شیکردەوە کە خواستی واشنتۆن بۆ دەستبەسەرداگرتنی نەوت و پاراستنی ئیسرائیل و لاوازکردنی موسوڵمانان هاندەری یەکەم بووە لە هەڵگیرسندنی ئەم جەنگەدا. هەر لە ڕاپرسییەکی دیکەی (پیو گلۆبەل ئەتتیود) کە لە ساڵی ٢٠٠٤ دا بەڕێوەچوو، تەنها ١٧٪ ی مەغریبییەکان و ١١٪ هاوڵاتیانی ئوردن جەنگی

ئەمەریکایان بۆ سەرعیراق بە هەوڵی دڵسۆزانەی ئەو وڵاتە بۆ قڕکردنی تیرۆر پێناسکرد زیاتر لەوەی کە تەقەلایەك بێ بۆ پەردەپۆشکردنی مەرامەکانی دیکە. گومانی تێدانیە کە هیچ ڕاپرسی و دەنگدانێك پێویست ناکا بۆ هەڵسەنگاندنی سیاسەتی ئەمەریکا لەمەڕ پرسی عەرەبی - ئیسرائیلی، ئاشکرایە کە سیاسەتەکەی تاڕادەیەکی زۆر لە وڵاتانی عەربیدا ناجەماوەرییە.

بێ گومان ڕای گشتی دەتوانێ شتەکان ئاوەژوو بکات. هەستی دژە ئەمەریکایی لە جیهانی عەرەبدا دەکرێ بە رادەیەکی بەرچاو لەگەڵ ڕووداوەکان بگۆڕێ. هەرچەندە بۆی هەیە کە ئەم هەڵوێستە پووکانەوە بەخۆوە ببینێ ئەگەر چیدیکە واشنتۆن پشتگیری حکومەتە ستەمکارە عەرەبییەکان نەکا. لەم ڕووەوە زانیاری کەم هەیە کە ئەم جەختکردنەوەیە بسەلمێنێ، و بەڵگەکان شتێکی دیکە پێشبینی دەکەن، بۆ نمونە: سوریا هەڵوێستێکی زۆر ئیجابی بەرامبەر ئەمەریکا نانوێنێ هەرچەندە بەڕێوەبەرایەتییەکەی بۆش دژایەتی حکومەتەکەی دیمەشق دەکەن. وەك ئاشکرایە، وڵاتە یەکگرتووەکان بەهۆی سیاسەتە بوار فراوانەکەیەوە بووەتە وڵاتێکی ناجەماوەری لە جیهانی عەرەبدا نەك بەهۆی پاڵپشتیکردنی حکومەتە زۆردارەکانی ناوچەکە.

تەنانەت ئەگەر دیموکراتیزەکردن ببێتە مایەی کەمبوونەوەی دژە ئەمەریکاییبوونیش، هیچ زامنێك نییە کە ئەم کەمکردنەوەیە حکومەتی هاودەنگ و هاوڕا لەگەڵ سیاسەتی ئەمەریکا بێنێتە بەرهەم. بەڵگە چیرۆك ئامێزەکان لەوە دەچێ ئەوە دیاریبکەن کە ڕای گشتی لە ئێرانی ناعەرەبدا بۆچوونی باشتری لەمەڕ وڵاتە یەکگرتووەکان هەیە لەوەی کە بۆ حکومەتی ئێرانی هەیە. هەڵوێستی ڕای گشتی ئێرانی لە پاڵپشتی کردنی ئەمەریکا ڕەنگدانەوەی بەرژەوەندییەکانی ئەمەریکا نەبوو لە هەڵبژاردنی کاندیدی پشتگیریکراو بۆ نزیککردنەوەی وڵاتە یەکگرتوەکان لە ئێران، لە خوولی دووەمی هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتی کە لەئێراندا ئەنجامدرا.

مێژووش ئەوە نیشان دەدات کە هەڵبژاردنی دیموکراتی یاسایی هەمیشە لە بەرژەوەندی ئیسلامییەکاندایە. لە هەموو هەڵبژاردنەکانی ئەم دواییەی عەربیدا، ئیسلامییەکان وەك بەرهەڵستیکاری سیاسی حکومی دەرکەوتوون، و لە گەلێك لەو هەڵبژاردنانەش ئەنجامی باشیان بەدەست هێناوە. لە مەغریب، پارتی دادوەری و پێشکەوتنی نوێ، پارتێکی ئاشکرای ئیسلامییە، ٤٢ کورسی لە کۆی ٣٢٥ کورسییەکانی پەرلەکان لە هەڵبژاردنەکانی ٢٠٠٢ دا بەدەستهێنا کە ئەمە یەکەم کێ بڕکێی بوو لە هەڵبژاردندا. کەچی هەردوو پارتی یەکێتی سۆشیالیستی هێزە جەماوەرییەکان و پارتی سەربەخۆ کە مێژوویێکی زۆر دوورتریان هەیە، ٥٠، ٤٨ کورسییان یەك لەدوای یەك بەدەستهێنا). لە هەمان ساڵدا، لە بەحرەین، کاندیدە ئیسلامییەکان ١٩ تا ٢١ کورسییان لە کۆی ٤٠ کورسی پەرلەمان بەدەستهێنا. ئەم سەرکەوتنەش سەرەڕای ئەوەی شیعەکان بەشدار نەبوون لە هەڵبژاردن چونکە داوای گۆڕانکارییان لە دەستوور دەکرد.

لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ٢٠٠٣دا لە یەمەن، گروپی چاکسازی یەمەنی (ئیسلاح) کە لە یەکگرتنی

ئیسلامییەکان و توخمە عەشایەرییەکان پێکهاتووە، لە کۆی ٣٠١ کورسی، ٤٦ کورسی بردەوە و ئێستا بووەتە لایەنێکی بەرهەڵستیکار. لە هەمان ساڵدا ئیسلامییەکان لە کۆی ٥٠ کورسی ١٧ کورسییان بردەوە لە دەستنیشانکردنی پەرلەمانتارانی کوەیتی کە ئەوانە کوتلەی ئایدۆلۆجی زاڵن تیایدا. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی ئوردن ٢٠٠٣، لە دوای سێ دواخستن و گۆڕانکاری لە یاساکانی هەڵبژاردن بۆ بەرژەوەندی کاندیدە سەربەخۆکان بەسترا، پارتی سیاسی برایانی موسوڵمان ١٧ کورسی لە کۆی ١١٠ بەدەستهێنا، و ئیسلامییە سەربەخۆکانیش ٣ کورسیان وەرگرت، کە ئەم دوانە گەورەترین کوتلەی بەرهەڵستکارن تیایدا.

تا ساڵی ڕابردووش، شێوازەکان خۆیان دووبارە کردووەتەوە. لە هەڵبژاردنی شارەوانییەکانی سعودیا، پاڵێوراوانی ئیسلامییە نارەسمییەکان، ٦ کورسییان لە کۆی ٧ کورسی لە ڕیازی پایەتەخت بەدەست هێنا و لە جدە و مەککەش هەموو کورسییەکانیان بەرکەوت. هەروەها ئەو کاندیدانەی کە ئیسلامییە سوونییەکان پاڵپشتییان لێ دەکردن لە ژمارەیەك شارۆچکەی ڕۆژهەڵاتی هەرێمکە کۆنترۆڵی ئەنجومەنی شارەوانییان کرد. لە هەڵبژاردنی پەرلەمانی عیراقدا، لیستی شیعە کە ئایەتوڵڵا عەلی سیستانی پاڵپشتی دەکرد لە کۆی ٢٧٥ کورسیدا ١٤٠ کورسی بەدەستهێنا، بەبەراورد لەگەڵ ٤٥ کورسی بۆ لیستی عەرەبە عیلمانییەکان و ٧٥ کورسیش بۆ کوردەکان کە بەتایبەت ئیسلامی نین لە هەڵبژاردنەکانی کانوونی دووەمی ٢٠٠٥ و لەهەڵبژاردنەکانی دیسێمبەری هەمان ساڵدا شیعەکان نزیکەی ١٢٨ کورسی و کوردەکان ٥٤ کورسی و، لیستی سونیەکان ٤٤ کورسی و عەرەبە عیلمانییەکان ٢٥ کورسیان بەدەستهێنا.

لە هەرێمەکانی فەلەستینیدا، موحەمەد عەباس، لە پارتی فەتحی نەتەوەیی، سەرکەوتنێکی گەورەی بەدەستهێنا لە ساڵی ٢٠٠٥ لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆکایەتیدا، ئەوەش بەهۆی ئەوەی کە حەماس کاندیدی خۆی دیاری نەکردبوو، بە هەرحاڵ، حەماس لە هەڵبژاردنەکانی شارەوانیدا، لە کەرتی ڕۆژئاوا لە دیسێمبەری ٢٠٠٤ کۆنترۆڵی ئەنجومەنی حەوت شارۆچکەی کرد بەرامبەر ١٢ بۆ فەتح، وە لەسەرەتای ٢٠٠٥ حەماس لە کۆی ١٠ شارۆچکە دەستی بەسەر ئەنجوومەنی حەوتیان داگرت کە دەکاتە ٣/٢ ی کورسییەکانی ولاتەکە. وەلە هەڵبژاردنەکانی پەرلەمانی ئەمساڵیشدا حەماس سەرکەوتنێکی گەورەی بەسەر فەتحدا تۆمار کرد کاتێك لە کۆی نزیکەی ١٢٠ کورسی ٧٦ کورسی بردەوە.

خواستەکە زۆر ڕوونە، ئیسلامییە جۆراوجۆرەکان لە هەڵبژاردنی ئازاددا ئەنجامی باش بەدەست دەهێنن. لەو ولاتانەی کە پارتی حوکمڕان بالادەستە یا سەرۆکی ولات دژی ئیسلامی سیاسییە، ئیسلامییەکان تیایاندا بە پلەی دووەم دێن و بەرهەڵستیکاری حکومەت پێکدەهێنن. تەنها لە مەغریب کە زیاتر عیلمانییە، پارتە چەپەکان مێژوویەکی درێژیان هەیە و لە لوبنانیش کە دینامیکی مەسیحی ـ موسوڵمان سیاسەتی هەڵبژاردن دیاری دەکا، کوتلەی سیاسی نا ئیسلامی تیایدا ڕێکخراوە، جیا لە حکومەت کێ برکێ لەگەڵ هێزە ئیسلامییەکان دەکا. شێوازەکە لەوەناچێ گۆڕانکاری بەسەردا بێت. بە گوێرەی ڕاپرسی

دەزگاری زوگبی ـ ئەنوەرسادات لە ساڵی ٢٠٠٤دا، زۆرینەی ئەوانەی دەنگیان تاقیکرایەوە لە ئوردن و سعودیای عەرەبی و ئیمارات لەگەڵ ئەوەدا بوون کە دەبێ پیاوانی ئایینی ڕۆڵی گرنگییان هەبێ لە سیستەمی سیاسی. ٥٠٪ ی میسرییەکان گوتیان پیاوی ئاینی نابێ بۆ پۆستی سیاسی کاندید بکرێ، بەڵام ٤٧٪ پاڵپشتییان لە ڕۆڵی پیاوانی ئایینی کرد. تەنها لە مەغریب و لوبنان سۆزی دژ بە پیاوانی ئایینی زاڵ بوو، ٥٤٪ بەرامبەر بە ٣١٪ لە مەغریب و ٥٠٪ بەرامبەر بە٢٨٪ لە لوبنان. بەدیموکراتیبوونی زیاتری عەرەب، ئەگەری زیاتری هەیە کە ئیسلامییەکان بێنە سەر دەسەڵات. تەنانەت ئەگەر ئەو ئیسلامییانەش بن کە پەسەندی یاساکانی دیموکراسی دەکەن و توندوتیژی سیاسی ڕەتدەکەنەوە، لەوە ناچێ پشتگیری لە ئامانجەکانی سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا لە هەرێمەکە بکەن.

پاڵنانی عەرەب بەرەو دیموکراسی پێناچێ کاریگەرییەکی ئەوتۆی لەسەر تیرۆری دژەئەمەریکایی هەبێ کە لەوێوە نەشونما دەکات، دوور نییە حکومەتی وا بێنێتە سەر دەسەڵات کە کەمتر هاوکار بێ لە حکومەتەکانی ئێستا لەمەڕ پرسە فراوانەکانی وەك جەنگ لە دژی تیرۆر. بەداخەوە، هیچ جێگرەوەیەکی باشتر نییە لەم خاڵەدا بۆ کارکردن لەگەڵ حکومەتە زۆرداره عەرەبەکان کە حەزدەکەن هەمیشە لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان بمێننەوە.

ئەگەر واشنتۆن پێداگربێ لەسەر گەشەپێدانی دیموکراسی لە جیهانی عەرەبیدا، دەبێ پەند لە ئەزموونی هەڵبژاردنەکانی ناوچەکە وەربگرێ. لە کاتێکدا کە پارتی نائیسلامی ڕیشە داکوتاو هەیە وەك لە مەغریب، بەڵام ئیسلامییەکان لە کاتێکی زووترەوە لە مەیدانەکەدا زاڵن. هەمان شت لە تورکیادا ڕوویدا، کاتێك کە پارتی ئیسلامی سیاسی پەیامی مۆدێرنی هەڵگرت بۆ پێشبڕکێ لەگەڵ دەسەڵاتی سوپای عیلمانی و پارتە عیلمانییەکانی دیکە کە ماوەیێکە بوونیان هەیە. بە پێچەوانەوە، کاتێك کە ئیسلامییە سیاسییەکان چەوسێنرانەوە هەروەك لە سعودیای عەرەبی و بەحرەین، پارت و کاندیدە ئیسلامییەکان دەتوانن کۆنترۆڵی مەیدانی سیاسی بکەن. نابێ واشنتۆن دڵی بە سەرکەوتنی پارتی حوکمڕانی جەزائیر و میسر و یەمەن بەسەر ئیسلامییە ڕکابەرەکانیان خۆش بێ.

پێویستە وڵاتە یەکگرتووەکان تیشك بخاتە سەر پاڵنانی حکومەتە عەرەبییەکان بۆ پێدانی بۆشایی سیاسی بۆ پارتە لیبرالی، عیلمانی، ناسیۆنالیستی، و پارتە نائیسلامییەکانی دیکە بۆ ئەوەی ڕەگیان دابکوتن و جەماوەر لەدەوری خۆیان کۆ بکەنەوە. دەبێ واشنتۆن پشتی ئەو گروپانە بگرێ کە زیاتر سیاسەتی دەرەوەی ئەمەریکا پەسەند دەکەن و لاسایی بەها سیاسییەکانی ئەمەریکا دەکەنەوە. کاریگەرترین ڕێگە چارە بۆ ڕاگەیاندنی ئەم پاڵپشتییە ئەوەیە کە بە ئاشکرا فشار بخرێتە سەر ڕژێمە عەرەبییەکان کاتێك کە تەگەرە دەخەنە بەردەم چالاکی سیاسی گروپە لیبرالییەکان ـ هەروەك لە خۆپیشاندانەکانی میسر دوای زیندانیکردنی چاکخوازە سیاسییەکانی وەك سەعدەددین ئیبراهیم و ئیمان نوور، و ئەوەیش کە لە سعودیای عەرەبی ڕوویدا کاتێك کە چالاکەکانی سیاسی دادگاییکران بە زیندانیکردنی هەتاهەتایی. بەڵام واشنتۆن دەبێ دیسان هەوڵەکانی لە هەڵبژاردنی خێرای ئەو وڵاتە عەرەبییانە چڕبکاتەوە کە پارتی ئیسلامی بەهێز و

ڕێکخراوی جێگرەوەی تێدا نییە ـ تەنانەت دەبێ لە مەترسی نوشوستی هێنانی عەرەبە لیبرالەکانیش ئاگادار بێ بەهۆی وریایی زیاتر لەمەڕ پێشبینییەکانی هەڵبژاردن لەوەی کە هەیانە.

بەرپرسانی کارگێڕی بە سەرۆك بۆشیشەوە، زۆرجار ڕایانگەیاندووە کە وەرچەرخان بۆ دیموکراسی لە جیهانی عەرەبدا بێ گومان یەخەگیری گەلێ کێشە دەبێتەوە و نابێ ئەمەریکییەکان پێشبینی ئاکامی خێرا بکەن. لەگەڵ ئەوەشدا هەرکاتێ کە حکومەتەکەی بۆش بە ئاشکرا بەرگری لە دیموکراتیزەکردن دەکا، ئاماژە بەو نزا باوە بۆ هەڵبژاردنەکانی جیهانی موسوڵمانان دەکا ـــ ئەوانەی لە ئەفغانستان، عیراق، لوبنان، هەرێمەکانی فەلەستینی و سعودیای عەرەبین ـــ وەك بەڵگەیەك کە سیاسەتەکەیان کار دەکات. ئەم پرۆسەیە چەندینساڵ دەخایەنێ، هەرچۆنێ بێ بۆ هێزە نائیسلامییە سیاسییەکان بۆ ئەوەی ئامادەبن بۆ کێبڕکێی دەسەڵات گرتنە دەست لەو هەڵبژاردنانە و، گومان زۆرە کە ئەمە یا حکومەتی ئەمەریکا توانای ئەو ئارامگرتنەی هەبێ کە پرۆسەکەی تیا ببینێ. ئەگەر نەتوانێ ئارام بگرێ، دەبێ واشنتۆن پەی بەوە ببا کە سیاسەتی بە دیموکراتیکردنەکەی دەبێتە هۆی باڵادەستی ئیسلامییەکان لە سیاسەتی عەرەبیدا. ئەمەش تەنها بە جەختکردن لەسەر هەڵبژاردن نابێ کە وەك کێشەیەکی سەرەکی لە دەستپێشخەرییەکەی دیموکراسی حکومەتی بۆش بۆ وڵاتانی عەرەبدا هاتووە، جگە لەوە گرفتەکە ئەو متمانە بێ پاساوەیە کە واشنتۆن لە توانای دایە پێشبینی بکات، تەنانەت ڕێنمایی ڕەوتی سیاسی وڵاتانی دیکەش بکات. هیچ بەرپرسێکی ئەمەریکی ئیمزای ئەوە ناکا بەلای کەمی بە نهێنیش بێ، کە ئەو بۆچوونە سادەیەی دەڵێ دیموکراسی عەرەب چەشنە حکومەتێك دێنێتە کایەوە هەمیشە هاوکار دەبێ لەگەڵ وڵاتە یەکگرتووەکان. لەگەڵ ئەوەشدا بانگەشەی واشنتۆن بۆ دیموکراسی پێدەچێ وا مەزندەی کردبێ کە وەرچەرخانی دیموکراتی عەرەب وەك وەرچەرخانی نوێی دیموکراتی لە ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا و ئەمەریکای لاتین و ڕۆژهەڵاتی ئاسیا دەبێتە هۆی پشتگیریکردنی، یا بەلای کەمی تەگەرە نەخستنە بەردەم بەرژەوەندییە ماوە فراوانەکانی سیاسەتی دەرەوەی وڵاتە یەکگرتووەکان. ڕەچاوی ئەوە ناکەن کە لەو ڕژێمانەدا لیبرالیزم بەهۆی ئەوەوە باڵا دەستبوو چونکە گەورەترین ڕکابەری ئایدیۆلۆجی کە بریتیبوو لە کۆمۆنیزم دووچاری ناوزڕاوی هات، لە کاتێکدا جیهانی عەرەب ئایدیۆلۆجیایێکی جێگرەوەی ڕاستەقینە بۆ دیموکراسی لیبرال دەبەخشێ: ئەویش بریتییە لەو بزووتنەوەیەی کە هەڵگری دروشمی " ئیسلام چارەسەرە". گەورەیی ئەمەریکا لە عیراقدا هەرسکرا، کە تیایدا بوونی ١٤٠,٠٠٠ سەرباز ڕێگەی نەداوە سیاسییەکان بەگوێرەی پلانەکانی وڵاتە یەکگرتووەکان بەرەو پێش بچن. لەگەڵ ئەوەشدا حکومەتی بۆش بەسەرخۆی ناهێنێ یا ئارامگرتن نیشاندەدا بە جۆرێك کە ئەرکێکی لەو جۆرە ترسناکە ئەوەی گەرەکە. ئەگەر بەڕاستی وڵاتە یەکگرتووەکان دەستپێشخەری پەرەپێدانی دیموکراسی لە جیهانی عەرەبدا وەك "بەرهەڵستیکردنی نەوەکان" دەبینێ، تەواوی نەتەوەکان دەبێ ئەم خاسیەتە فێربن.

**سەرچاوە: گۆڤاری فۆرێن ئەففێیرس**